# مەولەوی

## شاعیری ئازار و خەمە

لێکۆڵینەوە



حەمەکەریم هەورامی

٢٠١٣-٢٧١٣ هەولێر

دیاریی ئەکادیمیای کوردی

کتێبخانەی
محەمەد عەلی قەرەداغی
مێژوو:

# مەولەوی

## شاعیری ئازار و خەمە

# مەولەوی

## شاعیری ئازار و خەمە

لێکۆڵینەوە

حەمەکەریم هەورامی

هەولێر ٢٧١٣-٢٠١٣

* ناوی کتێب: مەولەوی  شاعیری ئازار و خەمە.
* نووسەر: حەمەکەریم هەورامی.
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسین.
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٤٩).
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٢٦٩٥)ی ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە.

## چەند وتەیەك لە جیاتی پێشەكی:

● مـن بـەرەو كۆتـایی تەمـەن هـەنگاو دەنـێم، هەسـت بـە قورسـایی بـاری ڕۆژگاری ڕابردووی خۆم دەكەم، خۆم بەم خامەی ناو دەسـتمەوە پـتر لـە شەسـت ساڵە ڕێبـواری ڕێگـەی ئـەم ڕاسـتە هێڵانـەی بـان ئـەم قاقـەزەی بـەر دەممـانین، هەردەڕۆین‌و هەر ناگەینە كۆتایی، واش هەست دەكەم لە شوێن خۆمدا نەجووڵاوم، یـەك دێـرم نەنووسـیوە، نـە دێرەكـە كۆتـایی دێ، نـە مـن‌و خامەكـەم تەژەنـەی نووسـینمان دەشـكێ، دیـارە ئـەوەی خـەریكی نووسـین بـێ ئـارەزووی نووسـینی هەرگیز تەسەل نابێ، هەر ئەو ئارەزووە بوو دەستبەردارم نـەبوو تـا خسـتمیە نـاو دەریای شیعرەكانی مەولەوییەوە.

● ساڵی (٢٠١٠) بوو، دوای لێ بوونەوە لە نووسینی (زانستی كـەلام) هەسـتم بە شەكەتی‌و ماندووبوون دەكرد، ئاگـام لـە خـۆم نـەمابوو لـەژێر بـاری ڕۆژگـارداو خۆشی نووسیندا لەشم هێزوتاقەتی تیا نەمابوو، بۆیە لەبەر خۆمەوە بڕیـارم وا بـە خۆم دا كە ئیدی واز لە نووسینێك بێنم لە ئاست تاقەتمدا نەبێ، واشم نیـازبوو كـە ئەگەر توانام هاتەوە سەرخۆم لە نووسینەوەی ئەو یادەوەریانەدا بەكاری بێنم كـە لەگەڵیانـدا ژیـاوم كاریـان لەسـەرم كـردووەو لـە كـۆڵم نابنـەوەو هەندێكیشـیان پێوەندییان بە گوندەكەمەوە هەیە.

● لە زووەوە خووم پێوەگرتبوو لەكاتی ماندوو بوون‌و پشـووداندا سـۆزم بـە بەیتە شیعرەكانی مەولەوییەوە دەكرد، بەو سۆزكردنە باری دەروونی لارە سـەنگم ڕاست دەبووەوە، لە سایەیدا هەستم بە ئاوەدان بوونـەوەو پاكـژ بوونـەوەی تـۆزو گەردی ناوەوەی خـۆم دەكـردو دڵـم ڕەحـەت دەبـوو، بۆیـە هەمیشـە شـیعرەكانی مەولەوی ببوونە وێردی سەرزمانم.

● ( دكتۆر جەبار ئەحمەد حوسـێن) مامۆسـتای زمـانی كـوردی لـە كۆلێـژی زمانی زانكۆی سەلاحەدین، كە زانی من شەیدای شیعرەكانی مەولـەویم، بـەوا بـۆی دەركـەوت جارێكیـان داوای لێ كـردم كۆڕێـك لـەبارەی شـیعرەكانی مەولـەوی لـە كۆلیژی زماندا بـۆ خوێنـدكارانی بەشـی كـوردی بگێـڕم، كەهەسـتی كـرد بـە كـوڵ شیعرەكان دەخوێنمەوەو لەسـەریان دەدوێـم، دوای ئـەوە هـەرجار كـە یـەكتریمان دەبینی داوای لێ دەكردم ئەو بیرو بۆ چـوونانەی كـە لـەبارەی مەولەوییـەوە هەمـە

بیانووسمەوەو بیانکەم بە کتێبێکو بڵاویان بکەمەوە، ناوبراو بە گەرمی بۆ ئەوکارە هانی دەدامو دەیووت هەر جۆر بووە ئەو کارە بکە،ئەو هەڵنانەی ئەوە بوو بە ماخۆلانێك، خستمیە سەر ئەو بیرە کە بەخۆم بڵێم: خۆ تاقیکردنەوە لەو بوارەدا کارێکی ئاسان نییە، کوا من ئەو هێزەم تیا ماوە، تۆ بڵێی من ئەوەندە هێزم تیا مابێ کاری وەهای پێی ئەنجام بدەم؟ ڕۆژ بەرۆژ ئەو ماخۆلانە دەبووە شەوقێکی پاڵنەر، هێزی بەبەرمدا دەهێنایەوەو پەلەی دەس بەکاربوونی لێ دەکردم، کە دەسم دایەکار بەتەمای ئەوە نەبووم تەمەن تاکۆتایی دەرفەتم بدا بگەمە هەوار، هەر بابەتێکم دەنووسی جێی هەنگاونانی پاش خۆی بۆم ڕووناك دەرکردەوە، هێزی نووسینم تازە دەبووەوە، هەستم بەبار سووکییەك دەکرد، هەر ڕستەیەکم دەنووسی وام دەزانی ئەوە یەکەم ڕستەیە کەلەژیانمدا دەینووسم، دەرگای ئارەزووەکانم کرانەوە، بابەتەکان خۆیان ڕووناکییان دەهێناو داتاکانی ناو هۆشمیان ختووکە دەداو دەیبزواندن.

- ئەوەی من لەم کارەمدا کردوومە لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکیانەی لایەنێکی شیعرەکانی مەولەوییە، هەر شتێکم وتبێ سەرچاوەکەی ئەو شیعرانەی ناو دیوانەکەیەتی، ئەوەی کە کۆکراوەی مامۆستای پایەدار مەلا عەبدولکەریمی مودەڕسن، ئەوانم کردووە بە دەستەبەرو بەڵگە بۆ بۆچوونەکانم، لەمەدا مەبەستم ئەو نییە کە ئەگەر بەڵگەیەکی بە دەر لە شیعرانی مەولەویم دەست کەوتبێ ئامـاژەم پێ نەدابێ. لە شرۆڤەو لێکدانەوەی شیعرەکانیشدا پشتم بە لێکدانەوەکانی مامۆستای ناوبراو بەستووە.
- ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەدایە، گوڵچنینی چەپکەیەکی ڕەنگینی ناو گوڵزارەکەی مەولەوییە، ئەو گوڵزارە ئەگەر چەندان چەپکە گوڵی دیکەی وەهای لێ وەربگیرێ کۆتایی نایێو شتی تری تیا دەمینێ، ئێمە دەرگای گەلێ پرسمان لە ڕووی شیعرەکانی مەولەویدا کردەوە هەوڵی وەرامدانەوەمان دان، ڕەنگە وەرامدانەوەکەمان پڕ بە پێست نەیانتوانیبێ کەلێن بڕیان بکات، لەوانەیشە لەروێکی دیکەوە پێویستیان بە لێتۆژینەوەی هەبێ.

**حەمەکەریم هەورامی**
**١٠-٤- ٢٠١٣ هەولێر**

Hemekerîm Hewramî

ئیمشەو مەینەتان نە دەروون جەمەن
خێڵ خانەی کەیفم پڕ جە ماتەمەن
دیارەن دوەی دووری زۆر کەردەن
سوپای خەم وە هەم هجووم ئاوەردەن
شنۆی ئارەزووی وەصڵت ظهور کەرد
لافاوی مەینەت کۆگای شادی بەرد
هووناوی دەروون ریشەی گیان کەندەن
سەرمایەی تاقەت نەدەسم سەندەن

لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی
هەولێر - ٢٠١٣

چاپخانەی حاجی هاشم / هەولێر
0750 445 9848